# پێویستە نەریتی نایاسایی درێژکردنەوەی پەرلەمان کۆتایی پێ بهێنرێت

ئەمڕۆ ٢٠٢٢/١٠/٥ پەرلەمانی کوردستان پێشنیازە یاسایەکی بە ناونیشانی (یاسای بەردەوامبوونی خوولی پێنجەمی پەرلەمان کوردستان) بە واژۆی (٨٥) ئەندام لە فراکسیۆنەکانی (پارتی، یەکێتی، پێکهاتەکان و بەشێك لە پەرلەمانتارانی گۆڕان) خستبووە بەرنامەی کارەوەو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرد، لەهەمان کاتدا خەسڵەتی بەپەلەی دا بە پێشنیازە یاساکە تا لە زووترین کاتدا پەسەند بکرێت. کە مەبەست لە پێشنیازەکە درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان و دواخستنی هەڵبژاردنە، ئێمە وەک رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، وێرای ئەوەی چەندین راپۆرت و یادداشتمان ئاراستەی پەرلەمان و لایەنە سیاسییەکان کردووە، هۆشداریی ئەو مەترسییەمان خستبووە روو کە لە ئێستادا دەگوزەرێت، ئەوەتا لە دوا کۆبوونەوەیدا نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاندووە کە لایەنە سیاسییەکان رێکناکەون لەسەر هەڵبژاردن و هێشتا ناوچەی سەوز و زەرد ئەمری واقیعە، هەر لەم وتارەیدا هۆشداری دا بە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و مەترسییەکانی دواخستن و ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی خستە روو. کە پێمان وایە ئەمە هۆشدارییەکی مەترسیدارە، هەر لەم پێناوەدا لێرەدا ئەم چەند سەرنجە دەخەینە روو:

١- یەکێك لە بیانووەکانی دواخستنی هەڵبژاردن (هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان) و بیانووەکەی تریش (کارا نەبوونی کۆمسیۆن و پاك کردنەوەی تۆماری دەنگدەران)ە، هەردوو بیانوو ئەگەر گرفت بن و کۆسپ بن بۆ هەڵبژاردن، خودی پەرلەمانی کوردستان لێیان بەرپرسیارەو لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا ئەم پرسە بوونی هەبووە و ئەرکی پەرلەمان بوو چارەسەریان بکات، بەڵام پەرلەمان کەمتەرخەم بوو و هیچی نەکرد.

٢- لە ٢٠٢٢/٣/١ سەرۆکی هەرێم بە فەرمانێك وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی دیاریکرد تا لە ٢٠٢٢/١٠/١ ئەنجامبدرێت و ماوەی شەش مانگی دیاری کردبوو، ئەگەر لەو ماوەیەدا هەڵبژاردنیش ئەنجامنەدرا، بەڵام دەکرا لەو ماوەیەدا گرفتەکانی بەردەم هەڵبژاردن چارە بکرێن، کەچی ئەو ساتەش پەرلەمان لە بری ئەوەی گرفتەکان چارەسەر بکات و زەمینەسازی بۆ هەڵبژاردن بکات، نەك هەر بە ئەرکی خۆی هەڵنەستاو گرفتەکانی چارەسەر نەکرد، بەڵکو سەرۆکی پەرلەمان رایگەیاند کە ئامادە نییە هیچ کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان بکات و بۆ ماوەی سێ مانگیش دانیشتنەکانی پەرلەمانی پەککخست.

٣- ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەگشتی بووە بەنەریت کە لەوادەی خۆیاندا ئەنجامنەدرێن، ئەمەش نەنگییە بۆ هەرێم و ئەزموونەکەی و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی، چونکە ئەوەی گوزەراوەو دەگوزەرێت لە درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەماندا بەپێی یاسا و پەیڕەو نایاساییە، بەتایبەت ئەگەر هۆکارێکی تەکنیکی، یا گۆڕینی یاسا یا هەر بیانوێکی تری باوەڕ پێکەری دەرەوەی ئیرادەی پەرلەمان نەبێت، لە ئێستادا هەم هیچ بیانویەک نیە لەدەرەوەی ئیرادەدا بێت و هەم لەکاتی دواخستنەکەشدا هیچ هەنگاوێك نەنراوە بۆ لابردنی کۆسپەکان تا لەوادەی دەستنیشانکراودا هەڵبژاردن بکرێت.

٤- هەمیشـە دەبێـت رۆڵـی سـەرۆکی پەرلەمـان بـێلایەن بێت، ئەرکـی پاراسـتنی پەیـرەو و یاسـایە، بەلام لەم پێشـنیازە یاسـایەدا خـودی سـەرۆکی پەرلەمـان و دەسـتەی سـەرۆکایەتیش بـوونەتە لایەنگیـر و ئیمزایـان لەسـەر پێشنیازەکە کردووە، ئەمەش بۆ یەکەمجارە لە مێژووی پەرلەمانی کوردستاندا سەرۆکی پەرلەمان ئیمزا بەسـەر پـرۆژە یاسـایەکی لەو شـێوەیەدا بکـات، لە خولەکـانی رابـردوودا پەرلەمـانی کوردسـتان (٨) سـەرۆکی بەخـۆوە بینیوە، هیچ کامیـان ئەم کارەیـان نەکـردووە، ئەمەش دەریـدەخات کە سـەرۆك و دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان خۆیان بەشێکن لە سیناریۆی جێبەجێکردنی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان.

٥- بۆ مێژوو لەم کردە نایاسـاییەی ئەنجامدەدرێت کە ئەتکـی دیموکراسـی تیـادا دەکرێت و هەسـت و شـعوری دەنگدەرانی کوردستان لەبەرچاو ناگیرێت، لایەنە سیاسییەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتـی نیشـتیمانی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان و یانزە نوێنەرکەی پێکهاتەکان) ئۆباڵی سیاسیی ئەو لێپرسراوییەتییە مێژووییەیـان دەکەوێتە ئەستۆ.

٦- پەرلەمانی کوردستان بەرزترین دامەزراوەی یاسـاییەو بەپێـی بڕیـاری خۆی "تـاکە مەرجەعـی سیاسـی و دەستوورییە بۆ بڕیـاردان لەسـەر پرسـە چارەنوسسـازەکانی گەلـی کوردسـتانی عیـراق"، ناکرێت بەم شێوەیە بـێ ئەرزش بکرێت و حیسـاب بـۆ هیچ یاسـاو پەیرەوێك نەکرێت و بەم شـێوازە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت، بۆیە ئەگەر هەمـوو لایەك نەیەنە دەنـگ ئەوە گـرفتەکە هەر بەردەوام دەبێـت و دوای ئەمە جـارانی تـریش ئەم کـارە نایاساییە دووبارە دەبێتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر چالاکوانان و یاساناسان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنـی و رۆشنبیران لە ئاستیدا بێدەنگ نەبن و هەموو رێگەو فشارێکی مەدەنی بگرنە بەر.

٧- پێویسـتە بـۆ رێگـری کـردن لەم پێشـێلکارییە یاسـایی و دەسـتوریی‌یە، تیمێکـی پـارێزەران ئامادەبکرێـت و لە دادگای فیدرالی لە بەغدا سکاڵا لەسەر دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان تۆمار بکرێت.

لەگەڵ رێزدا

**٢٠٢٢/١٠/٥**

**ناوی رێکخراوەکان:**

١- رێکخراوی هەڵوێست.

٢- رێکخراوی (WOLA).

٣- سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ (DHRD).

٤- رێکخراوی پایتەختی ئاشتی.

٥- رێکخراوی کوردستان بۆ هەموان (KEODD).

٦- رێکخراوی رووناکی بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ

٧- رێکخراوی ماڵی سەرکەوتن بۆ گەشەپێدانی تواناکان

٨- رێکخراوی چاوی زانکۆ

٩- ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان (PAY)

١٠- سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان